

# هەوڵ دەدەم لە داهاتوودا ببمە باشترینی کوردستان و عێراق

## دییە عوسمان:
## یاریزانی فووتساڵی یانەی دوکان

*** لە ئێستادا ئاستی یاریی فووتساڵ چۆن دەبینیت، کە ساڵانە خولتان بۆ دەکرێتەوە؟**

- ئاستی ئەم یارییە لە ئاستێکی زۆر باشدایە و، بەراورد بە فووتساڵی عێراق، کوردستان پێشکەوتنی زیاتری بەخۆیەوە بینیوە.

*** ئەنجامدانی پاڵەوانێتیی بەردەوام، تا چەند دەبێتە هۆکار بۆ ئەوەی ئاستی ئەم یارییە بەرەو پێش بچێت؟**

- ئەنجامدانی پاڵەوانێتی هۆکارێکی سەرەکییە بۆ بەرەوپێشچوونی خولەکانی کوردستان، تا خولەکان بەردەوام بن، یاریزانی زیاتریش دروست دەبێت و ئاستی یارییەکە بەرەو پێش دەچێت.

*** پێت باشە چی بکرێت، بۆ ئەوەی یاریی فووتساڵ ئاستی بەرز بێتەوە لە شارەکانی کوردستان؟**

- پێویستە سەرەتا لە قوتابخانەکانەوە گرنگی بە یاریی فووتساڵی کچان بدرێت، چونکە قوتابخانە پێگەیەکی گرنگی

لە دروستکردنی یاریزاندا و، یانەکانیش دەتوانن سوودی لێ ببینن.

*** گرفتی فووتساڵی یانەی دوکان لە چیدا رەنگ دەداتەوە؟**

-خراپیی باری دارایی و نەبوونی هۆڵی مەشق، گرفتی سەرەکین.

*** ئەمساڵ بچووکترین یاریزان بوویت لە خولی فووتساڵ، چ هەستێکت هەبوو؟**

- من ئەم ساڵ یەکەم وەرز بوو لە خولی نایاب بەشداری بکەم، بەراورد بە کچانی یانەکانی دیکە من بچووکترین یاریزانی خولی نایاب بووم و، توانیم ئاستێکی زۆر باش پێشکەش بکەم و سێ گۆڵیش تۆماربکەم.

*** ئایا لە یانەکانی خولی عێراقی گرێبەستت بۆ هاتبوو؟**

-بەڵێ، لە یانەکانی بەشدار لە خولی عێراق گرێبەستم بۆ هاتبوو، بەڵام لەبەر هەندێك هۆکاری تایبەتی خۆم، نەمتوانی بەشداری بکەم،

*** بەرنامەت بۆ داهاتووی خۆت چییە؟**

-هەوڵ دەدەم لە داهاتوودا ببمە باشترینەکانی کوردستان و عێراق.

*** وەکو یاریزانێکی لاو، چی دەڵێیت بۆ هێنانی یاریزان و راهێنەری بیانی؟**

- لەگەڵ ئەوە نیم راهێنەر بێت، بەڵام پێویستە یاریزانی دەرەوە بهێنرێت بۆ خولەکانی کوردستان.

*** داوکاری و پێشنیارت بۆ بەرپرسانی وەرزش لە کوردستان چییە؟**

- پێویستە گرنگیی زیاتر بە وەرزشی کچان بدرێت و، هاوکار و پشتیوانمان بن لە قەزای دوکان، چونکە هۆڵی داخراومان نییە، گرفتی گەورەمان هەیە.

*** بەهیوای ئەوە نیت بۆ هەڵبژاردەی عێراق داوا بکرێیت؟**

-هەموو هەوڵێك دەدەم، تا ببمە یاریزانی هەڵبژاردەی عێراق.

*** وەکو کچە یاریزانێك خەونی وەرزشیت چییە؟**

- خەونی من ئەوەیە هەڵبژاردەی کوردستان دابمەزرێت و بە شانازییەکی گەورە یاری بۆ ئەم هەڵبژاردەیەش بکەم.

*** بە کام یاریزانی جیهانی سەرسامیت؟**

-لیونێل میسیی ئەرجەنتینی.

*** ئەگەر شتێکت ماوە لە کۆتاییدا؟**

-زۆر سوپاس بۆ گۆڤاری گوڵان بۆ ئەو خزمەتەی بە وەرزشکارانی دەکات لە کوردستان، سوپاسی خانەوادەکەم دەکەم.



**دییە عوسمان قەزای دوکانی سەر بە پارێزگای سلێمانی، لە یارییە وەرزشییەکاندا خاوەنی چەندین تیپی جۆراوجۆرە، تیپی فووتساڵی یانەکەش یەکێکە لەو تیپانەی کە لە داهاتوودا چاویان لە ئەنجامی گەورەیە و، ئەمساڵ بە هیوای ئەوەن لە خولی پلە یەکەکانی کوردستان، بگەنە خولی نایاب، هەر بۆیە بە ئامانجی پێشخستنی ئاستی یاریی فووتساڵ لە سنووری قەزای دوکان، یانەکە تیپێکی تۆکمەی پڕ لە یاریزانی بەتوانای کۆکردۆتەوە، بۆ ئەوەی لەم وەرزەدا بەم کچە یاریزانانە بتوانێت ئەنجامی باش بەدەست بهێنێت و، چاوی لەوەیە لە خولی فووتساڵی پلە یەکەکانی کوردستان، ژمارەیەکی گەورە بێت، دییە عوسمان یەکێکە لە کچە یاریزانە بەتواناکانی یانەکە و، لەدایکبووی ساڵی ٢٠٠٥ی قەزای دوکانە، وەرزەکانی رابردووش بچووکترین یاریزانی خولەکە بووە، کە لەگەڵ یانەکەی بەشداریی لە خولەکاندا کردووە، ئێمەش لە نزیکەوە چەند پرسیارێکمان ئاراستەی کرد، ئەویش بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گۆڤاری گوڵانی دایەوە.**

**دیمانە: کارزان کانەبی**

# گواردیۆڵا چاوی لە ئەستێرەییەکی بارسایە

پێپ گواردیۆلا، ڕاهێنەری ئیسپانی دەیەوێت یەکێک لە ئەستێرەکانی یانەی بەرشلۆنە بباتە ڕیزەکانی یانەی مانچێستەر سیتیی، لە ماوەی گواستنەوەکانی ئەم هاوینەدا، بۆ ئەوەی بیکاتە جێگرەوەی سێرجیۆ ئەگوێرۆ، کە ڕیزەکانی یانە ئینگلیزییەکەی بەرەو بەرشلۆنە جێهێشتووە.

ئەنتوان گریزمانی هێرشبەری فەرەنسی یەکێکە لە بژاردەکانی پێپ گواردیۆلای ڕاهێنەری ئیسپانی، بۆ ئەوەی هێڵی هێرشبەرانی تیپەکەی پێ بەهێز بکات و ئەو بۆشاییە پڕ بکاتەوە، کە بە ڕۆیشتنی ئەگوێرۆ کەوتووەتە هێڵی پێشەوەی یانەکە.

بەپێی ڕاپۆرتە ڕۆژنامەوانییەکان لە بەریتانیا، ئەنتوان گریزمان، دووەم بژاردەی پێپە لە لیستی کاندیدەکاندا بۆ قەرەبووکردنەوەی ڕۆیشتنی ئەگوێرۆ، لەدوای هاری کینی هێرشبەری هەڵبژاردەی ئینگلتەرا و یانەی تۆتنهام، کە ئەمیان ئامانجی یەکەمی گواردیۆلایە بۆ بەهێزکردنی هێڵی پێشەوەی.

ئەو سەرچاوانە دەڵێن: ئەگەر گرێبەستەکەی هاری کین سەرنەگرێت و تۆتنهام بەردەوام بێت لە داواکردنی نرخێکی زیاد لە پێویست بۆ فرۆشتنی، لەم هاوینەدا مانچێستەر سیتی بۆ گرێبەستکردن لەگەڵ هێرشبەرێک ڕوو لە گریزمان دەکات.


بەپێی پێشبینی سەرچاوەکان ئەگەر هەر یانەیەک بڕی زیاتر لە ٦٠ ملیۆن یۆرۆ بۆ گرێبەستکردن لەگەڵ ئەنتوان گریزمان پێشکەشی بەرشلۆنە بکات، بەرپرسانی ئەو یانەیە یەکسەر ڕازی دەبن لەم هاوینەدا دەستبەرداری ئەستێرە فەرەنسییەکە ببن.




## پاریس سانت جێرمان دەبـــــ

لەکاتێکدا گرێبەستەکەی بەرەو کۆتایی دەچێت و داهاتووی هێشتا دیارنییە، یانەی پاریس سانت جێرمانی فەرەنسی ڕێگەیەکی دیکە دەگرێتەبەر بۆ ئەوەی گرێبەستی کیلیان ئێمباپێ ئەستێرەی یانەکەی نوێبکاتەوە.

میدیای فەرەنسا بڵاویکردەوە، ناسر خلێفی، سەرۆکی یانەی پاریس سانت جێرمان دەستەوارەیەکی خەیاڵیی بۆ نوێکردنەوەی گرێبەستی ئێمباپێ ئامادەکردووە و دەیەوێت، گرێبەستی یاریزانەکە بۆ دوو وەرزی دیکە نوێبکاتەوە و مەرجی هەڵوەشاندنەوەی



# سیمیۆنی ئەلبای دەوێ

دییگۆ سیمیۆنی راهێنەری ئەتلێتیکۆ مەدرید دوای گواستنەوەی لویس سوارێز ئەمجارەیان چاوی لە گواستنەوەی یاریزانێکی دیکەی بەرشلۆنە بڕیوە و دەیەوێت بۆ وەرزی داهاتوو بیگوازێتەوە.



پێگەی ئاسی مەدریدی لە راپۆرتە هەواڵێکدا ئاشکرای کردووە، کە دییگۆ سیمیۆنی دەیەوێت جۆردی ئالبای بەرگریکاری یانەی بەرشلۆنە بگوازێتەوە و لەم پێناوەیشدا دوای لە لویس سوارێزی هێرشبەری ئۆروگوایی کردووە، کە هەوڵ بۆ رازیکردنی بدات.

بە گوێرەی هەمان سەرچاوە، ئەتلێتیکۆ مەدرید بە فەرمی گفتووگۆیەکانی بۆ گواستنەوەی ئەو یاریزانە لەگەڵ بەرشلۆنە دەستپێکردووە.

جۆردی ئالبای تەمەن ٣٢ ساڵ لە ئەکادیمیای لاماسیای تایبەت بە بەرشلۆنە پێگەیشتووە، دواتر بەرشلۆنە بەشێوەی خواستن بەرەو ڤالێنسیای بەرێکرد، پاشان لە ٢٠١٢ گەڕایەوە بەرشلۆنە و ماوەی ١٠ ساڵە لە پێکهاتەی سەرەکی یاری دەکات، لەگەڵ بەرشلۆنە لە کۆی ٣٨٥ یاری، ٢٢ گۆڵ و ٨١ ئاسیستی کردووە.

## ...ێتە رێگر لەبردەم خەونەکانی ریال مەدرید



گرێبەستەکەشی بکاتە ٢ ملیار یۆرۆ.

گرێبەستی ئێمباپێ لە هاوینی ساڵی داهاتوودا کۆتاییدێت، هێشتا یاریزانەکە بڕیاری لەبارەی داهاتووی خۆیەوە نەداوە، پێشتر گوتبووی دوای یارییەکانی یۆرۆ خۆی یەکلادەکاتەوە.

میدیای فەرەنسا ئاماژەی بۆ ئەوەکردووە، پاریس سانت جێرمان ئامادەیە مووچەی یاریزانەکە بۆ ٥٠ ملیۆن یۆرۆ لە وەرزێکدا بەرزبکاتەوە، بۆ ئەوەی رازی ببێت گرێبەستەکەی لەگەڵ یانەکە نوێبکاتەوە.

ناسر خلێفی، سەرۆکی یانەی فەرەنسییەکە پێشتر دووپاتیکردبووە کە ئێمباپێ یاریزانی پاریس سانت جێرمانە، بۆ فرۆشتن نییە و بێبەرامبەریش لە یانەکە ناڕوات.

پاریس سانت جێرمان ئامانجی ئەوەیە بە نوێکردنەوەی گرێبەستی ئێمباپێ پڕۆژەیەکی گەورە ئامادەبکات، بەتایبەت دوای گواستنەوەی جۆرجینیۆ ڤاینالڵدۆم و نزیکبوونەوەی لە گواستنەوەی جیانلویجی دۆناروومما، ئەشرەف حەکیمی و سێرخیۆ رامۆس.

# نەوزاد شێرزاد دەچێتە بەغدا




یانەی جەیشی شاری بەغدا بۆ دووەم ساڵی لە سەر یەك، گرێبەستی یاریزانی کوردی شاری هەولێر (نەوزاد شێرزاد) یاریزانی پێشووی یانەی هەولێری نوێ کردەوە، بە مەبەستی بەدەستهێنانی ئەنجامی شایستە لە خولی نایابی یانەکانی باڵەی عێراقی. نەوزاد شێرزاد یەکێکە لە یاریزانە هەرە بەتواناکانی کوردستان و عێراق و، ماوەیەکی زۆر لە خزمەتی تیپی باڵەی یانەی وەرزشیی هەولێر بووە، ئەمساڵیش بە مووچەیەکی شایستەتر لە وەرزی رابردوو، گرێبەستی لەگەڵ ئەو یانەیە نوێ کردۆتەوە، لەم بارەشەوە نەوزاد شێرزاد بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «ئەمساڵ بە مووچەیەکی شایستەرتر و زیاتر لە وەرزی رابردوو گرێبەستم لەگەڵ یانەی جەیش تازە کردەوە، بۆ یاریکردن لە خولی نایابی باڵەی یانەکانی عێراقی»، لە بارەی هەبوونی یانەی دیکەش نەوزاد گوتی: «وەك یاریزانێك ئەمساڵ چاوەڕوانی هیچ گرێبەستێکم نەکرد، بۆ ئەوەی بۆم بێت، چونکە یانەی جەیش تاکە یانەیە لەسەر ئاستی عێراق، کە گرێبەستی یاریزانانی دەست پێ کردووە، ئەمساڵیش چاوم لەوەیە ئەنجامێکی باش لەگەڵ یانەکە بەدەست بهێنم»، هاوکات گوتیشی: «هەرچەندە خۆشترە لە شارەکەی خۆت یاری بکەیت، بەڵام باشترە لە دەرەوەی شارەکەی خۆت یاری بکەیت، لە بەر ئەوەی کاتی زیاترت دەبێت بۆ خۆ ئامادەکردنی جەستەیی، ئەمساڵیش لەگەڵ جەیش ئامانجمان پلەکانی پێشەوەی ریزبەندی یانەکانە».

## گۆران محەممەد دەیەوێت ئەرکی راهێنەرایەتیی یانەیـــــ

یانەکانی کوردستان لەگەڵ نزیکبوونەوەی خولەکان گۆڕانکاری لە پێکهاتەکانیاندا دەکەن و، راهێنەری بەئەزموون دیاری دەکەن، گۆران محەممەد یاریزانی پێشووی یانەی پێشمەرگەی سلێمانی و یاریدەدەری راهێنەری یانەی هەڵەبجە و راهێنەری یانەی بابان، ئەم وەرزە لەگەڵ هیچ یانەیەك گرێبەستی نەبووە، هەرچەندە چەند یانەیەك لە خولەکانی بەشدار لە کوردستان داوای گرێبەستی راهێنەرایەتییان لێ کردووە، بەڵام نیازی ئەم راهێنەرە وەرگرتنی یانەیەکی جەماوەرییە لە سەر ئاستی پارێزگای سلێمانی، لەم بارەشەوە گۆران محەممەد بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «بۆ ئەم وەرزە چەند یانەیەك داوای گرێبەستیان لێم کردووە، بەڵام حەزم نەکرد کارییان



# برووسک زیندوو دەکرێتەوە

یانەی وەرزشیی برووسك ئەم وەرزە بەشدارە لە یارییەکانی خولی یانە پلە دووەکانی کوردستان و، چاوی لەوەیە کە جارێکی دیکە هەنگاو بنێت بۆ ریزی یانە گەورەکانی کوردستان، یانەکە ماوەیەك لە ئامادەکاریدا بووە، بۆ ئەوەی بتوانێت ئەم وەرزە، لانیکەم، خۆی بگەیەنێتەوە ریزی یانە پلە یەکەکانی کوردستان، لەم بارەشەوە محەممەد حەمەخان سکرتێری یانەی وەرزشیی برووسك بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «ئەم وەرزە هیوامان زۆرە برووسك سەر بخەینەوە، پەنا بە خودا و دەستەی کارگێڕی و راهێنەران و یاریزانەکان، ئەو هیوایەمان دەهێنینە دی»، محەممەد حەمەخان گوتیشی: «یانە پلە دووەکان گرفتیان زۆرە، بەتایبەت تیپەکانی قەزا و ناحیەکان، هیچ کام لەم یانانە قبووڵی دۆڕان ناکەن، بۆیە کێشە و ئاژاوە لە یاریگاکان دروست دەبێت، لەگەڵ رێزم هەندێك یانە هەیە یەك هەفتە پێش خول هەندێك یاریزانی کۆکردۆتەوە و دێتە ناو خولەکان، داوای ئەنجامیش دەکات، هەر کاتێك تووشی دۆڕان ببێت، گلیەش دەکات، ئەوانە بەشێکن لە گرفتەکان»، سکرتێری یانەی برووسك نەیشاردەوە کە دەیانەوێت بووسك زیندوو بکەنەوە، لەوبارەشەوە گوتی: «ئامانجی ئێمە ئەوەیە برووسك بگەڕێنینەوە خولی پلە یەك، چونکە چەند ساڵێکە برووسك ناوەکەی ون بووە، وەکو دەستەی کارگێڕی هەموو هەوڵێك دەدەین ناوە جوانەکەی برووسك زیندوو بکەینەوە، برووسك لە رابردوودا قوتابخانەیەك بووە و، لەو شارە زۆر یاریزانی دروست کردووە، یاریزان لە برووسك گەیشتۆتە هەڵبژاردەی عێراق، بەڵام بەداخەوە ئەم یانەیە چەند ساڵێکە تووشی قەیرانی دارایی بووە، بۆیە بەرەو دواوە هەنگاوی ناوە، بەهیوای ئەوەم بە هیمەت و هەوڵی هەموو لایەك، جارێکی دیکە برووسك لە ریزی یانە گەورەکانی کوردستان ببینینەوە و، بیکەینەوە بەو تیپەی جاران، کە دەیانگوت برووسك واتە پێگەیاندنی چەندین یاریزانی لاوی خوێن گەرم و، کردنە ئەستێرەیان لە ریزی ئەو یانەیە».



## ـــــــەکی جەماوەری بگرێتە ئەستۆ

لەگەڵ بکەم، چونکە دەستوەردانیان هەبووە لە کاری راهێنەری پلە یەك و پلە دووی خولی کوردستان، جگە لەوەش من دانیشتووی سلێمانیم، بۆیە لەگەڵ کارەکەی من نەدەگونجا، بۆ ئەم وەرزەش حەز دەکەم لەگەڵ یانەیەك رێك بکەوم، بۆ ئەوەی کاریان لەگەڵ بکەم، ئەگەر یانەیەکی جەماوەریی باش هەبێت»، لە بارەی یانەی هەڵەبجەش گوتی: «تا ئێستا پێیان نەگوتوم بۆ کاری راهێنەری، بۆمنیش ئەرکێکی قورسە، چونکە ماڵم لەو شارە نەماوە و هاتوچۆش قورسە، بەهیوای ئەوەم یانەیەك هەبێت، بۆ ئەوەی بتوانم کاری باشیان لەگەڵ بکەم، بۆ ئەوەی یاریزانی بەتوانا بهێنین و خزمەتی وەرزش بکەین و، بتوانین ئاستی وەرزشیی یانەکەش بەرز بکەینەوە»، لە بارەی هۆکاری وازهێنانی لە یانەی بابانیش گۆران محەمەد گوتی: «بەهۆی هۆکاری تایبەت بە خۆم دەستم لە مەشقی یانەکە کێشایەوە، ئەم وەرزە چارەنووسی خۆم لەگەڵ یانەیەك دیاری دەکەم».